# ڕێگا چارەیەکی تر نی یە جگە لە بەهێز کردنی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق



بۆنەی تێ پەڕبوونی 11 ساڵ بەسەر دامەزراندنی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراقدا، ڕۆژی 7-8-2004 ڕێکخراوی بەریتانیای حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق، لەشاری لندن مەراسیمیکی شکۆداری سازدا، کە ژمارەیەکی زۆر لەهاوریان و دۆستانی حزب تیایدا ئامادەیی بوون.

سەرەتا پرشنگ ئەحمەد بەریوەبەری مەراسیمەکە بەخیرهاتنی ئامادەبووانی کرد و پاشان بەراگەیاندنی دەقیقەیەك راوەستانی بیدەنگی بۆریزلینان لەگیانی هاورییانی گیان بەختکردووەی ریگای ئازادی وسۆسیالزم و بەدەم سرودی ئەنتەرناسیونالەوە، مەرسیمەکە چووە نیو بەرنامەکانی خۆیەوە.

هاوری نادیە محمود ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبی بەم بۆنەیەوە ووتاری  پیشکەش بەئامادەبووانکرد. نادیە محمود لەووتەکەیدا میژووی پر لەخەبات و راوەستاوی 11ی سالەی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراقی لەپێناو ئازادی ویەکسانی وسۆسیالیزم و بۆ نەجاتدانی کۆمەلگای عیراق خستەروو. وەلەونیوەشدا ئاماژەی بەسەرەکیترین سیاسەت و هەلویستەکانی حیزب لەمەیدانە جۆرواجۆرەکانی خەباتی چینایەتی کریکاران و خەلکی زەحمەتکیشدا ولەئاخریشدا بانگەوازی کادران و ئەندامانی حیزبی کرد کەهەرچی زیاترە حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق بەدەستەوە بگرن و تیکوشانی خۆیان لەراستای بەهیزکردنیدا بخەنە خزمەتەوە.

لەبەشیکی تری مەراسیمەکەدا دەشتی جەمال، سکرتیری کۆمیتەی بەریتانیای حزب کەتازە لەکوردستانەوە گەرابووەوە، راپۆرتیکی لەسەر کارو چالاکی یەکانی حزب لەکوردستان پیشکەشکردو سەرنجی ئامادەبووانی بۆ کەمپینەکانی ریفراندوم بۆجیابوونەوەی کوردستان و کەمپینی دادگای سەدام وچالاکییەکانی سەنتەری بەرگری لەمافەکانی مندالان راکیشاو  تەئکیدی لەوەکرد کە تەنها ریگای بەدیهاتنی ئۆمیدو ئارەزووەکانی خەلکی کوردستاندا، ریگای بەهیزکردنی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراقە.

لەبەشیکی تری بەرنامەی مەراسیمەکەدا ماوە درا بەکاردانی حیزب کەیاداوەری شۆرشگیرانەو خەباتکارنەی خۆیان لەسالەکانی رابردووی تیکۆشانی حیزبیدا بگیرنەوەو بەم جۆرەش هاوریان ئیبراهیم محمد، هۆزان محمود، نوری بەشیر، بورهان فتاح، ئارام سەعید، سەوسەن سەلیم، محمد داود، دلشاد نامیق.. بەگیرانەوەی یاداوەرییەکانی خۆیان و ئاماژەدان بەتەجروبەیەك کەلەمیژووی خەباتی حیزبدا جیانخستووە، فەزای مەراسیمەکەی بردە نیو کەشوهەوایەکی تیکۆشەرانەو پرلەسەروەرییەوە. پاشان موحسن کەریم ئەندامی کۆمیتە ناوەندی حزب لە بەر رۆشنای باسەکانی پلینۆمی 14 کۆمیتە مەرکەزی تەکیدی لەسەر کارەکتەری سیاسی حزب وەك حزبی خوازیاری دەسەلاتی سیاسی لەعیراقدا و دەور نەخشی هاوریٚ ئازیزمان منسوری حکمەت لیدوانی کرد .

لەکۆتایدا کۆمیتەی بەریتانیای حزب لەلایەن سکرتیری کۆمیتەوە چەپکە گولی پێش کەش بەهاوریان نادیە محمود، خەسرەوسایە، محسن کەریم، ئاسۆ کەمال کرد لەباتی سەرجەم ئەو هاوریانەی کە حیزبیان راگەیان ئامادەیی مەراسیمەکەبوون دواتریش هاوری خەسرەو سایە لەووتیەکدا ویرای دەربرینی سوپاس وبیزانین لەسەر دەوری کادران وئەندامانی حزب و بەدەستەوە گرتن وبەهیزکردنی حزب قسەو باسی کرد . هەرلەویشدا بریاردرا کەبەبۆنەی 11 سالیادی حیزبەوە چەپکە گول بېریتەسەر مەزاری

هاوری‌ی ئازیزو خۆشه‌یستمان مه‌نسووری حیکمه‌ت، به‌تایبه‌تی که‌له‌پرۆسه‌ی دامه‌زراندنی حیزبی کۆمۆنیستی کرکیاری عیراقدا ده‌وریکی سه‌ره‌کی وبریارده‌ری گیراوه. به‌م جۆره‌ش له‌رۆژی دواتردا هاوریان ده‌شتی جه‌مال و بورهان فه‌تاح خیلان وکاروان به‌نۆینه‌رایه‌تی رێکخراوی به‌ریتانیای حزب چه‌پکه‌گۆلیان له‌سه‌ر مه‌زاری هاوری منسور حکمه‌ت له‌گۆرستانی هایگیت دانا.

به‌م شیوه‌یه مه‌راسیم له‌نیو شۆرو شه‌وقی به‌شداربووان و به‌ئاهه‌نگ وهه‌لپه‌رکی وگورانی سه‌رکه‌وتوانه یادی 11 ساله‌ی حیزبیان به‌ری کرد.

***بژی مه‌نسوری حکمه‌ت***

***بژی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق***

***حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق (رێکخراوی به‌ریتانیا)***